www.kurdistannet.org

19-10-2006 8:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## نوکەی مۆبایل بێزاری کردوین... راپۆرتی - رزگار کۆچەر



کە زەنگی بۆ لێدەدرا بە خێراییی مۆبایلەکەی دەرهێناو چەند جارێك گوتی ئەلو.. بەلی.. بەلی بۆ قسە ناکەیت دوایش بە تورەیەکی زۆرەوە مۆبایلەکەی لە قەد خۆی داناو هەر لە پێش خۆی پرتەوە بۆڵەی دەهات..

نەریمان- کورە گەنجێکی تەمەن 24 ساڵە قوتابی زانکۆیە وەك دەڵێت ئەوەبرادەرەکانم بوون نوکەیان بۆ لێدام باورکەن بێتاقەتیان کردووم زۆر جار هەیە کاتژمێر 2 ی شەو بە نوکە لە خەوم هەڵدەستێنن بۆیە کە من تەلەفۆنیان بۆ دەکەمەوە زۆر جار ئەوان یان وەڵامم نادەنەوە یان ئەوەتا دەڵێن بە خوا سەنتمان نەبوو حەزیشمان دەکرد پرسیارت بکەین بۆیە بەم کاتە تەلەفۆنمان بۆ کردی... شیرین - قوتابی دواناوەندیە دەلێت کە ویستم مۆبایل بکرم باوکم وبراکانم زۆریان پێناخۆش بوو بەڵام لەبەر ئەوەی باوکم منی زۆر خۆش دەوێت مۆبایلی بۆ کریم و وەك دەی بینن ئێستا خۆم رقم لێیەتی باورکەن هەندێك جار لە کاتژمێرێك زیاتر بیست نوکەم بۆ دێت زۆربەشیان هاوریی پۆلەکەمن کە هەر هەموویان کچن...

هادی - خۆی کاری کرین و فرۆشتنی مۆبایل دەکات ئەو دەلێت من یەکێکم لەوانەی لە دوو مانگ جارێك کارتێکی کۆرەك لە مۆبایلەکەم دەکەم هادی دەلێت من کە ویستم قسە لەگەڵ کەسێك بکەم چەند جارێك نوکەی بۆدەکەم وئەویش ناچار دەبێت تەلەفۆنم بۆ بکاتەوە بۆیە لای هادی نوکە کردن بە مۆبایل کارێکی باشە چونکە سەنت زۆر سەرف ناکرێت، ئەو لە کۆتای دەلێت زۆر جار بە برادەرەکانم دەڵێم گەر بەیانی لە کارکردن تاخیر بووم تکایە نوکەم بۆ بکەن چونکە من بەیانیان زۆر لە خەو دەمێنمەوە بە نوکە نەبێت لە خەو هەڵناستم...

خاتوون - ئافرەتێکی فەرمانبەرە دەرباری دیاردەی نوکە کردن بۆ مۆبایل دەلێت باورکەن جار هەبووە لەگەل مێردەکەم توشی ناخۆشی هاتووم چونکە لە شەوان چەند جارێك نوکەیان بۆ کردوە منیش هەر لە خۆمەوە شك و گومانم پەیدا کردوە وام زانیوە ئافرەتی تر دەیانەوێ ئاگاداری بکەنەوە بۆیە خاتوون دەلێت پێم جاکە کۆرەك تلیکۆم بەژدار بوانی خۆی ئاگادار بکاتەوە لەم دیاردەیە چونکە بەراستی شیرازەی خێزان لەم گرفتە بچوکانە تێك دەجێت....

مامۆستا حەسەن - نوکە کردن بۆتە دیاردەیەکی ناشرین ئەو دەلێت زۆربەی ئەوانەی نوکە دەکەن لە رەزیلی خۆیان نوکە دەکەن چونکە نایانەوێت سەنت سەرف کەن تا کارتی مۆبایل نەکرن بۆیە بەرای مامۆستا حەسەن جاکە ئەگەر کۆرەك تلیکۆم یان ئاسیا ئەو رەقەمانە دەست نیشان بکات کە خەلك ازعاج دەکەن چونکە کە تۆ رەقەمەکەت دەست نیشان کرد ئەو کاتە دەتوانیت لێپێچینەوە بکەیت و خەڵك دەرس وەردەگرێت و هیجی تر ئەم کردارە دوبارە ناکاتەوە... شاباز - کورە گەنجێکی هونەرمەندە ئەو دەلێت من کە نوکەم بۆ دەکەن باورکەن هەندێك جار کفر دەکەم و چاوەکانم سپی دەبێت و پێش خۆم نابینم بۆیە زۆر جار کە هەندێك برادەر نوکەیان بۆ کردووم وازعاجیان کردووم وازم لە برادەراتیان هێناوە ئامادەش نیم هاورێیاتیان بکەم شاباز لەلایەکی تر دەلێت ئەوانەی نوکە دەکەن

خەڵکی رەزیلن و نایانەوێت پارە سەرف کەن دەنا زۆر عەیبە مرۆڤ کە بیەوێت قسە لەگەڵ یەکێك بکات بەم شێوەیە و بەم جۆرە ئسلوبە خەڵك هەرەسان بکا تا کە تەلەفۆنی کرد تەنها بپرسێت ئەری چۆنی باشی چ هەیە چ نیە.... توخوا عەیب نیە خەلك بۆ ئەو چەند قسە بی مانایە بە نوکە کردن بێزارمان بکات نازانم هەشت سەنت ئەوندە دێنێت تۆ کەسێك بە نوکە کردن لە خۆت زویر بکەیت..
شاناز - کچە قوتابیەکی دواناوەندیە ئەویش دەڵێت هەرچەندە مۆبایلم نیە بەلاَم برادەرەکانم کە مۆبایلیان هەیە دەبینم بەچ شێوەیەك خەڵك بێزاریان دەکەن شاناز دەلێت من دەتوانم مۆبایل بکرم باورەکەن بەلاَم لە ترسی ئەو فەوزایە کە مۆبایل دروستی کردوە ناتوانم خۆم تۆشی ئەو گرفتانە کەم بۆیە ناکرم قەتیش چاوم لێنیە....
مامۆستا سۆزان - دەربارى دیاردەى نوکە کردن پیی وایە گەنجان زیاتر ئەم کارە دەکەن بە تایبەتی کوران کاتێك بەسەر هاتێکی خۆی دەگێرتەوە دەلێت جارێك جەرەسی مۆبایلەکەم لێیدرا کە گوتم فەرموو کورێك دەوی تێك ئالاَو هەر لە خۆیەوە گوتی ئەری ئێرە ماڵی فلانە منیش گوتم کاکی برا هەڵەت کردوە بۆیە هەرکە ئەو زانی ئافرەتێك ولاَمی داوە دەستی کرد بەزەنگ لێدان منیش کە دەم ویست ولاَمی دەمەوە ئەو قسەی نەدەکرد وای لێهات ئەو ژمارەیە بە بردەوام نوکەی دەکرد بۆم تا زۆر ئیزاعاجی کردم منیش بە براکەم گوت کە ژمارەیەك نوکەم بۆ دەکات و دەیەوێت کێشەم بۆ دروست بکات بۆیە براکەم چوو لە کۆرەك تلیکۆم سکالاَیەکی لە دژی ئەو ژمارەیە نوسی کە نوکەی دەکرد بۆم سەرئەنجام ماوەیەك ئەو کەسە تەلەفۆنی نەکردوە و نوکەی نەکرد بۆم بۆیە مامۆستا سۆزان دەلێت باشە کۆرەك تلیکۆم هەموو ئەو سکالایانەی کە هاولاتیان دەی کەن لای خۆیان هەڵی گرن و موراقەبەی ئەو ژمارانە بکات کە سکالاَیان لەسەرە دوای چەند جارێك ئاگادار کردنەوە ئینجا وەك مامۆستا سۆازن دەلێت پێم باشە سیم کارتەکەیان ستۆك بکرێت...